# بەسەرهاتی خاتوو زوبەیدە

**پەیامنێری پەیام ـ ئۆسلۆ**


خاتوو زوبەیدە

دوای ئەوەی مێردەکەی خاتوو زوبەیدە بێ سەروشوێن دەبێت، پۆلیس زوبەیدە بۆ لێکۆڵینەوە بانگ دەکات و زۆر خەریک دەبن تا ڕێوشوێنی مێردەکەی بدرکێنێت، کە پۆلیس بە تاوانکار و هاوکاری (پ.ک.ک) لە قەڵەمی داوە، بەڵام کە هیچ زانیارییەکیان دەست ناکەوێت، ئەوجا دەکەونە سووکایەتیپێکردن و ئەشکەنجەدانی، کار هەر بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکو لاقەشی دەکەن. لە ماوەیەکی کورتدا ئەم کارە چەندبارە دەبێتەوە.

کاتێک زوبەیدە ئەم بەسەرهاتەی بۆ پۆلیسی نەرویج گێڕاوەتەوە نەک هەر باوەڕیان پێ نەکردووە، بەڵکو بە درۆش لە قەڵەمیان دا؛ چونکە بە بڕوای دەوڵەت و حکوومەتی نەرویج، تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتییە و پۆلیسی تورکیاش ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت! وەزارەتی داد هەر لە ساڵی ١٩٩٨ەوە چەند ڕاوێژکارێکیان ناردۆتە تورکیا بۆ ڕێنمایکردنی پۆلیس تا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن و مافی بەندکراوەکان بپارێزن، بە تایبەتی بەندکراوە سیاسییەکان. لەبەر هەندێ پۆلیسی نەرویج هیچ هۆیەکی بۆ پێدانی مافی پەنابەرێتی بە زوبەیدە و کچەکانی نەبینی.

ڕەنگە شیاو بێت ڕووداوێک بگێڕمەوە لەمەڕ تێڕوانین و بۆچوونی ڕەسمیی نەرویج بەرامبەر تورکیا. کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٩٧ و گەرمەی ململانێ و پڕوپاگەندەکردن بوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان. ئەو کاتە (پارتیی کرێکاران) لەسەر حوکم بوون و بە هیوا بوون جارێکی دیکەش دەسەڵات بگرنەوە دەست. پارتیی کرێکاران وەک هەموو پارتییەکانی دیکەی نەرویج چادرێکیان لە نزیک پەرلەماندا هەڵدابوو بۆ پڕوپاگەندە و خەڵک بە لای خۆدا ڕاکێشان. دوو ڕۆژی مابوو بۆ هەڵبژاردن، سەرانی پارتی بەوپەڕی گەرمییەوە خەریکی فریودانی خەڵک بوون و سنگیان بۆ هەموو پرسیارێک فراوان بوو! نزیکەی (١٠٠٠ هەزار) کەسێک لە دەوری چادرەکەی پارتیی ناوبراو کۆبوونەوە، دەرگای پرسیار و وەڵام ئاواڵە بوو، (یان ستۆڵتەنبێرگ) جێگری سەرۆکی پارتییەکە و وەزیری دارایی، جگە لە بەڵێنە


**یان ستۆلتەرنبیرگ، سەرۆکوەزیرانی نەرویج**

ڕەنگاوڕەنگەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ، زۆر بە گەرمی باسی ڕۆڵی ئاشتیسازانەی نەرویج و پارتیی کرێکارانی لە کێشە و ناکۆکییە جیهانییەکاندا دەکرد، منیش ئەم پرسیارەم لێکرد: "ئێوە زۆر بە گەرمییەوە باسی ڕۆڵی نەرویج و پارتییەکان لە سازدانی ئاشتی بەتایبەت لەنێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و لە گواتیمالادا دەکەن و دەشڵێیت کە ئامادەن لە هەر ناکۆکییەکی جیهاندا ڕۆڵی ئاشتی بگێڕن، کەچی کە باس دێتە سەر مەسەلەی کورد تەواو بە پێچەوانەی بانگاشەکانی خۆتانەوە هەڵسوکەوت دەکەن، لەبری ئەوەی ڕۆڵی ئاشتی بگێڕن، چەک بە تورکیا دەفرۆشن، ئاشکراشە کە تورکیا ئەو چەکە دژ بە خەڵکی کوردستان بە کار دەهێنێت. ئایا ئەمە دووڕوویی نییە لە سیاسەتەکەتاندا بەرامبەر کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان؟

## خاتوو زوبەیدە گینز دەعوایەکی یاسایی لە وەزارەتی نەرویج دەباتەوە

**دۆسیەی خاتوو زوبەیدە**

**١٩٩٨/٦/٢١**: زوبەیدە (کوردی تورکیا) خۆی و سێ کچەکەی دەگەنە نەرویج و داوای مافی پەنابەرێتیی سیاسی دەکەن.

**١٩٩٩/٣/٢٤**: دائیرەی کاروباری بێگانەکان (UDI) داواکەی زوبەیدە بە (نەرێ) وەڵام دەداتەوە.

**١٩٩٩/٨/٦**: وەزارەتی داد، وەڵامی نەرێ بەو سکاڵایە دەداتەوە کە لەلایەن زوبەیدەوە دژ بە (UDI) درابوو بە وەزارەتی ناوبراو.

**١٩٩٩/٨/٢٦**: زوبەیدە، لە دادگای ئۆسلۆ شکایەت لە وەزارەتی داد دەکات، چونکێ وەزارەتی ناوبراو چاوی لە سکاڵاکەی زوبەیدە نەخشاندووە.

**١٩٩٩/١٠/٥**: زوبەیدە و یەکێک لە کچەکانی لەلایەن پۆلیس ئۆسلۆوە دەستگیر دەکرێن بەو نیازەی ڕەوانەی تورکیا بکرێنەوە.

**١٩٩٩/١٠/٨**: دادگای ئەوروپای مافی مرۆڤ لە ستراسبۆرگ، داوا لە دەسەڵاتدارێتیی نەرویج دەکات، کە دەبێت زوبەیدە و کچەکەی تا ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٩ ڕۆژی تاوتوێکردنی کێشەکە لەلایەن دادگای ناوبراوەوە، لە خاکی نەرویجدا بمێننەوە.

**٢٠٠٠/١/١١**: زوبەیدە ئەو داوایەی دۆڕاند، کە لە دادگای ئۆسلۆدا شکایەتی لە وەزارەتی داد کردبوو. بەپێی حوکمی ئەو دادگایە، دەبووایە زوبەیدە خەرجی دادگا و هەقدەستی محامییەکان کە نزیکەی (٧٠٠٠ دۆلار) بوو بدات و لە نەرویج بکرێتە دەرەوە.

**٢٠٠٠/٦/٢٢**: دەوڵەتی نەرویج داوای لە دادگای ئەوروپای مافی مرۆڤ کرد، کە ئەو مەرجەی خۆی لەمەڕ کەیسەکەی زوبەیدە بکێشێتە دواوە (واتە دادگای ناوبراو چیدی دەوڵەتی نەرویج ناچار نەکات کە زوبەیدە و کچەکانی لەناو سنووری خاکی نەرویجدا بمێننەوە تا یەکلابوونەوەی کێشەکە).

**٢٠٠٠/١٠/١٧**: دادگای ستراسبۆرگ، داواکەی دەوڵەتی نەرویجی ڕەت کردەوە و بڕیاری مانەوەی زوبەیدە و کچەکانی لەناو خاکی نەرویجدا – تا یەکلابوونەوەی کێشەکە – دا.

**٢٠٠١/٣/٢١**: دادگای بەرزی (مافی تاکەکەس) لە نەرویج، بڕیاری دادگای ئۆسلۆی هەڵوەشاندەوە و داواکەی وەزارەتی دادی بە نایاسایی لە قەڵەم دا و وەزارەتی ناوبراوی ناچار کرد کە دەبێت مافی مانەوە بە زوبەیدە بدات و دەشبێت مافی پەنابەرێتی وەربگرێت. هەروەها دادگا وەزارەتی ناچار کرد کە دەبێت خەرجیی دادگا و هەقدەستی محامییەکان کە نزیکەی (٧٠٠٠ دۆلار)ە بدات.

تا ئامادەکردنی ئەم نووسراوە دەوڵەتی نەرویج ڕاینەگەیاندووە کە کێشەکە دەباتە بەردەم دادگای بەرز (تەمیز)، شایانی باسە کە لە ساڵی ١٩٤٦ (ساڵی ڕزگاربوونی نەرویج لە دەست نازیستەکان و دادگایکردنی کڤیشلینگ و هاوکارانی) و تا ئێستا ئەم دادگایە کەمتر لە (١٠) جار بەستراوە، ئیتر نازانرێت دەوڵەتی نەرویج بۆ کێشەی مرۆڤێکی پەنابەری کورد، دەیبەستێت یان نا؟

محامییەکەی خاتوو زوبەیدە «یان م. بێرکلاند» بە ڕۆژنامەی (کلاسەکەمپن)ی وت: "لەمەودوا پێویستە چ وەزارەتی داد و چ (UDI) وا نەزانن کە دەبێت دەوڵەت هەمیشە ئەم جۆرە داوایانە بباتەوە!"

لەبری ئەوەی بێلایەنانە هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو لایەنە ناکۆکە بدەن (وەک پەیمانی ئۆسلۆ) کەچی وا دیارە (بە خوایشت یان بە زۆری) بوونەتە لایەنێک لەو جەنگە نابەرابەرە!

«یان ستۆلتەرنبیرگ» کە ئێستا سەرۆکوەزیرانی نەرویجە و تەمەنی (٤٠ ساڵە)، بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە:

ـ تۆ کوردیت؟

ـ جا ئەوە چی لە پرسیارەکە دەگۆڕێت؟

ـ کوردەکان دەیانەوێت ئێمە بڵێین کە هەموو تورک پیاوخراپن و کوردەکان لەسەر هەقن! ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە ئێمە دژی تێرۆر و جوداخوازین.

ـ بەڵام ئەوە وەڵامی پرسیارەکەی من نییە!

ـ وەڵامی باشترم پێ نییە، ئەگەر بەو وەڵامە قایل نیت فەرموو ئەوە ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە لێرەیە لەگەڵ ئەودا قسە بکە!

بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەر هەر ئێستا نەرویج ڕۆڵی ناوبژیکەر دەگێڕێت لەنێوان گەریلاکانی تامیل و حکوومەتی سیریلانکا. لە ئۆسلۆش لە ٤/٢٧ەوە نوێنەرانی گەریلا کۆمۆنیستەکانی فلیپین و نوێنەرانی حکوومەتی فلیپین کۆبوونەوە و نەرویج سەرپەرشتیی وتووێژەکان و هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەو لایەنانە دەدات.

> "... کوردەکان دەیانەوێت ئێمە بڵێین کە هەموو تورک پیاوخراپن و کوردەکان لەسەر هەقن! ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە ئێمە دژی تێرۆر و جوداخوازین...."





## سی دی "خۆشم ئەوێت"

"خۆشم ئەوێت"، بەرهەمی تازەی ژاڵە خانە. دەنگی ناسک و نیان و ئاوازی ڕەسەن و وشەی پڕ مانا دەبنە چەپکەگوڵی دەستی ژاڵە بۆ گوێگرانی. ئەم بەرهەمە هەشت گۆرانی لە خۆ گرتووە.

بۆ بەدەستهێنانی سی دی "خۆشم ئەوێت" پەیوەندی بەم ژمارەتەلەفۆن و ناونیشانەوە بکەن:

**105 Uxbridge Road**
**(Sheperds Bush)**
**London W12**
**Tel: 020 87405559**

## سی دی "یادی یاران"

"یادی یاران" تازەترین بەرهەمی هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ خاتوو شەهێنە.

"یادی یاران" یادی جارانت بۆ بە یاد دەکات و سەردەمێکی زۆر کۆن دەهێنێتەوە یادت. کێ هەیە کە بە گوێگرتن لە گۆرانیی "سەبری... سەبری" گەنجینەیەک لە یادگاری تاڵ و شیرینی سەردەمی خۆی نەیەتەوە یاد؟

ئەمجارەش شەهێن خان کۆمەڵێک ئاوازی ڕەسەنی تری کوردی دەکاتە دیاریی دەستی و لەم بەرهەمە نوێیەدا پێشکەش بە گوێگران و شەیدایانی مۆسیقای کوردی دەکات.

ئەم بەرهەمە حەوت گۆرانی لە خۆ گرتووە.

بۆ بەدەستهێنانی سی دی "یادی یاران" پەیوەندی بەم ژمارەتەلەفۆن و ناونیشانەوە بکەن:

**27 Elderberry Road**
**Ealing W5 4AN**
**Tel: 020 8952 0520**

